

# تەڵعەت تاهیر لە ڕۆشناییدا!

فەرەیدون پێنجوێنی

**سەرەتا:**

خراپترین جۆری نووسین، ئەو نوسینەیە کە نەخشەڕێیەکی دیاریکراوی نییە پیایدا بڕوات، هەروەها چەقێکی سەرەکیی نییە بە دەوریدا بخولێتەوە. مەبەستم ئەوە نییە بڵێم، دەبێ نووسین هەمیشە بە پێی مەنهەجێکی ئەکادیمی دەست پێ بکاتو کۆتایی بێت، بەڵکو هەر ڕێک مەبەسم ئەوەیە، کە دەبێ نوسین بزانێ چۆن دەڵێو چی دەڵێ! . نووسینیش وەکو خانوو دروستکردن وەهایە.. چۆن لە خانوو دروستکردندا پێویستە نەخشەیەک هەبێ تیایدا حسابی ورد بۆ جۆرو ڕووبەری خاک، بەرزو نزمیی زەوی، فەرهەنگو کولتووری شارو گەڕەکو.. هتد کرابێت، دەبێ لە نووسینیشدا بەهەمان وردبینییەوە دەست ببرێت بۆ قەڵەمو با بدرێو پێی بنووسرێت.

# تەڵعەت کاتێ مەلە دەکات بەردەوام چواردەوری خۆی رۆشن دەکاتەوە

لە راستیدا کتێبی (لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی-ی تەڵعەت تاهیر) یەکێکە لەو کتێبە شیعرییانەی، کە نەک یەک رێگەو یەک چەق، بەڵکو زیاد لە رێگەیەکو زیاد لە چەقێک پیشانی هەر کەسێکی وەکو من دەدات بۆ لەسەر نووسین.

هەڵبژاردنو دیاریکردنی یەکێک لە رێگەکان، بۆ خولانەوە بە دەوری چەقێکی دیاریکراودا، ئەو هۆکارە سەرەکییە بوو کە دوودڵی دەکردمو دوای دەخستم لەم نووسینە، بەڵام دواجار بڕیارم دا دەستبەرداری دوودڵییەکەم ببمو وردە وردە دەست پێ بکەم.

### *نەخشەڕێ:

دەتوانین بە دوو شێوە بچینە ناو ئەم تێکستانەوە:-

یەکەم/ دانە دانە.

واتە: هەر تێکستەو بە شێوەیەکی سەربەخۆ، یان هەر یەکەو وەکو ماڵێک لە گەڕەکێکی جیاواز.

دووەم/ یەکسەری.

واتە: تەماشاکردنی هەموو تێکستەکان وەکو یەک دانە تێکستو دەستبردن بۆ هەر پەرەگرافێک (بەبێ رەچاوکردنی شوێنی ئەو پەرەگرافە لە تێکستی دایکدا) وەکو ئەوەی بە هەر هەموو تێکستو پەرەگرافەکانی ناو کتێبەکە، یەک دانە تێکست بن، یان ژووری جیاجیای یەک خانوو بن، کە ئەمە بە زۆری بۆ وردبوونەوە لە لایەنی هونەریی دەق رەواو شیاوترە، دەنا بۆ وردبوونەوە لە جیهانبینیی دەق، بەهەمان ئەندازە رەواو شیاو نییە، بەتایبەتی ئەگەر بەرواری نووسینی تێکستەکان زۆر لە یەکترەوە دووربن.

من هەردوو رێگەکە تاقی دەکەمەوە:

-یەکەمجار رێگەی دووەم (رێگە پانوپۆڕەکە!) دەگرمە بەر بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر مەسەلەی (چۆن وتن)

-پاشان بە رێگەی یەکەمدا دەکەومە دوای مەسەلەی (چی وتن) بە مەبەستی دۆزینەوەو ئابلۆقەدانی (ڕوانگە)ی شاعیر. بەڵام بە گشتی ئیش لەسەر چوار تێکستی پێشەوەی کتێبەکە دەکەم.

یەکەم/ چۆن وتن:

هونەری وتن لای تەڵعەت تاهیر لەم چوار تێکستەدا، لەسەر بنەماکانی رەوانبێژی (لێکچواندن، خواستن، جوانیی باس) خۆی راگرتووە، لە پاڵ شێوازێکی تری وتندا، کە دەکرێ ناوی بنێین (موفارەقە).

بێگومان پشت بەستنی زۆر بەم شێوازی موفارەقەیە (بە رای من) وا دەکات کەڵک لە زمانسازیو زمانبازی وەرنەگرین، کە رێگەیەکی گرنگە بۆ بارگاویکردنی خودی رستە بە شیعرو هونەری شیعر وتن.

موفارەقە، لە جیاتی هەوڵدان بۆ بارگاویکردنی خودی رستە بە (شیعرو هونەری شیعر وتن) لە رێی زمانسازییەوە، هەوڵ دەدات بۆ دروستکردنی هاوکێشەی شیعری لە دوو رستەی نارێکو ناتەبا، یان دروستکردنی هاوکێشەی شیعری لە یەک رستەی درێژی پێکهاتوو لە دوو سەری نارێکو ناتەبا.. بێگومان ئەمە کەم نییە، بەڵام دەکرێ لەپاڵ ئەمەدا دەست بۆ گەمەی زمانەوانییانەش ببەین، چونکە دەتوانین لەم رێگەیەوە بە یەکسانی (شیعرییەت) دابەش بکەین بەسەر سەرجەم بەشو پێکهاتەو کۆپلەکانی دەقدا.. ئەمە شیعر وردتر دەکاتەوەو وای لێدەکات لە جوزئیاتو لەتی ورد ورد پێک بێت، نەک لە تۆپەڵو کەرتی گەورە گەورە.

### *روونبێژی:

یەکێک لە هەرە گرنگترین پایەکانی (هونەری

یەکێک لە هەرە گرنگترین پایەکانی (هونەری شیعر وتن) لای تەڵعەت بریتییە لە رۆشنی (یان روونبێژی)! بێگومان مەبەستم لە روونبێژی (سادەبێژی، یان کرچبێژی!) نییە، بەڵکو ئەو هونەرە سافو رۆشنو رەوانەیە، کە نایەڵێ شتی بێکەڵکو زیادە لە سیمای شیعر بنیشێ، کە ئەمە تەنها لە دەستی زۆر رەنگین دەوەشێتەوە.. لە بیرو زەینی زۆر سافو رۆشن دەوەشێتەوە

شیعر وتن) لای تەڵعەت بریتییە لە ڕۆشنی (یان ڕوونبێژی)! بێگومان مەبەستم لە ڕوونبێژی (سادەبێژی، یان کرچبێژی!) نییە، بەڵکو ئەو هونەرە سافو ڕۆشنو ڕەوانەیە، کە نایەڵێ شتی بێکەڵکو زیادە لە سیمای شیعر بنیشێ، کە ئەمە تەنها لە دەستی زۆر ڕەنگین دەوەشێتەوە.. لە بیرو زەینی زۆر سافو ڕۆشن دەوەشێتەوە.

تەڵعەت کاتێ مەلە دەکات بەردەوام چوار دەوری خۆی ڕۆشن دەکاتەوە.. مەلەوانانە بەناو دێڕو وێنەی ڕۆشندا شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو دێڕو وێنەی سافترو ڕۆشنتر.. ئەرکی ڕستە دەسپێرێ بە ڕستەی دوای خۆیو ناهێڵێ کەموکوڕی لە ئیشیاندا ڕووبدات.

من بۆیە ئەمەی بە ئیمتیاز بۆ تۆمار دەکەم، چونکە هەموو ئاگاداری ئەوەین کە شیعری نوێی کوردی ماوەیەکی زۆرە ئەم هونەری خۆ ڕۆشن پیشاندان (یان ڕوونبێژی)یەی لەبیر چووەتەوە.

بەم بۆنەیەوە حەزدەکەم ئاماژە بۆ بۆچوونی شاعیری ناسراوی ئێرانی (شەمس لەنگرودی) بکەم، لە یەکێک لە فێستیڤاڵەکانی گەلاوێژدا (وا بزانم فێستیڤاڵی سێزدەهەم بوو) دەمەتەقێیەکی سەرپێیم دەربارەی شیعر لەگەڵدا کرد (لە بەشە عەرەبییەکەی گەلاوێژنامەدا بڵاوم کردەوە)..

قسەی سەرەکیی ئەو کە دەیویست لەو فرسەتە کورتەدا بیگەیەنێت بریتی بوو لە عەینەن ئەو شتەی کە من باسم کرد (واتە ڕوونبێژی). تەڵعەت لە ڕووی ڕوونبێژییەوە باشی هێناوە..

لە کۆی ئەو چوار تێکستەدا کە من بە وردی خوێندوومنەتەوە دێڕێکی نەخستووەتە سەر دێڕێک خوێنەر هەست بکات لێڵاییەو خراوەتە سەر ڕۆشنایی.. یاخود بڵێ: حەیف بریا ئەم ڕستەیە لەم تێکستەدا نەبوایە! لەم ڕووەوە من خۆم بەسەر تەنها یەک دانە حاڵەتدا کەوتم (ئەویش نەک ڕێک لەوجۆرە، بەڵکو لە جۆرێکی تر):

لە قەسیدەی (لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی) هاتووە:

**گەر ئەبجەدیەت بە هانام بێ،**
**پێش ئەوەی مێژوونووسان بێن،**
**من دەتنووسمەوە...**
**هەر تۆ براوەیت!**
**من لە پەنجەرەی زیندانی زمانەوە،**
**لە باخچەی موعجیزەکانت دەڕوانم،**
**تۆش درەختی لەزەتیو بنەچەت دەچێتەوە سەر مەجاز....** ل٢٦

ئەوە یەکەمین کۆپلەی قەسیدەی ناوبراوە.. خوێنەر کاتێک لە ڕێی ئەم کۆپلەیەوە سەر دەکێشێتە ناو ئەو قەسیدەیەوە، چاوەڕوانە (من/



# لای تەڵعەت ئەو کەسە کەسەو گەیشتووەتە ئەوەی بەخۆی بڵێ کەس کە شاعیرە

راناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاک) وردە وردە سەرلەبەری تێکستەکە بتەنێتەوەو ببێتە چەقو راگری قەسیدەکە، بەڵام هەر زوو لە دوای ڕستەی (چەند لە شێتییەوە نزیکم) بۆی روون دەبێتەوە (من) وەکو چەقو ڕاگری دەق پەیوەندیی بە قەسیدەکەوە نییەو هەر لەخۆوەش پەڕیوەتە دەستپێکو سەرەتای قەسیدەکەوە، چونکە لە راستیدا ئەو شوێنە گرنگەی قەسیدەکە (سپیایی سەرەتا) دەبێ شوێنی (تۆ) بێت...

واتە: باشترە قەسیدەکە هەر یەکسەر لەو جێیەوە کە پەیوەست دەبێتەوە بە (تۆ)وە دەست پێ بکات، بەم جۆرە:

**تۆ**
**درەختی لەزەتیو**
**بنەچەت دەچێتەوە سەر مەجاز..**

لەگەڵ لابردنی ڕستەی (چەند لە شێتییەوە نزیکم)، کە ئەمە دەکاتە دەرهێنانەوەی (من) لە قەسیدەکەدا، بە یەکجاریو شوێن چۆڵکردنی تەواو بۆ (تۆ)...

بەکورتی: تەنها لەم حاڵەتەدا بوو کە هەستم کرد (شتێک) لە (شوێنێک) زیادەیە..

بێگومان ئەمە بۆچوونێکی شەخسیی منە، نەک پێوەر، بەڵام پاساوی تایبەتیشم هەیە بۆ نەشاردنەوەی ئەم بۆچوونە! بۆ نموونە: ئێمە کاتێک تەماشای درامایەکی تەلەفزیۆنی دەکەین، یان رۆمانێک دەخوێنینەوە (لەبەر ئەوەی بونیادیان درامییە) بەلامانەوە نائاساییە لە پڕ کەسایەتییەکیان تیا قوت بکرێتەوە، کە بە باشی لە بونیادی کارەکەدا جێی نەکرابێتەوەو وەکو حاڵەتێکی زیادە دەرکەوێت!

لە قەسیدەشدا هەر وایە، بەتایبەتی ئەو قەسیدانەی درێژنو بونیادێکی درامییان هەیە.

***لێکچوواندن:**

واتە دروستکردنی پەیوەندیی لێکچوو لە نێوان دوو شتدا، کە لە ئەنجامدا یەکێک لە دوو شتەکە دەبێتە (لەوچوو)و ئەوی تریان (لێچوو)، بە هاوکاریی ئامرازی لێکچوواندن، یان هەندێجار بەبێ هاوکاریی ئامرازی لێکچواندن.

لە هەندێ شوێنی ئەم چوار تێکستەی تەڵعەتدا لێکچوواندنەکە هەموو ڕواڵەتەکانی بە دەرەوەن: (لەوچوو، لێچوو، ئەوزاری لێکچوواندن)، بەڵام لە شوێنی تریشدا رێکەوتووە تەنها (لێچوو) یان تەنها (لەوچوو) بەدەرەوەیە، کە بەمە دەوترێت: (خواستن).

بە رای من لەم حاڵەتەی دووەمیاندا شیعر زۆر جوانتر خۆ دەنوێنێ، چونکە زەمینەی چڕکردنەوەو کورتبڕیو (ئیختیزال) بەهۆی وەلاوەنانی یەکێک لە دوو بنەما سەرەکییەکەی لێکچوواندن (لێچوو/ لەوچوو)ەوە باشتر دەڕەخسێت:

**چەشنی مشتە خوێیەك لە ژیاندا دەتوێمەوە**
**دەشزانم تام نادەمە جامێ ئاوی ئەم دنیایە..ل١٨**

ئەو ڕستەیەی سەرەوە لەسەر بنەمای لێکچوواندن بنیاد نراوە، هەموو ڕواڵەتەکانی لێکچوواندنەکەش بەدەرەوەن:

چەشن/ ئەو زاری لێکچوواندن
خوێ/ لێچوو
(م)ی شاعیر/ لەوچوو

***خواستن:**

چوواندنی شتێکە بەشتێکی تر، لە ڕێی تەنها یەک دانە لە دوو بنەما سەرەکییەکەی لێکچوواندن

# وتار

(لێچوو/ لەوچوو)ەوە.. ئەگەر لە ڕێی (لێچوو)ەوە بوو ئەوا پێی دەوترێت (خواستنی ئاشکرا)، ئەگەر لە ڕێی (لەوچوو)یشەوە بوو ئەوا پێی دەوترێت (خواستنی درکاو):

**پڵنگەکان لە بەتانیی منداڵەکان دەردەکەوو**
**پڕی دەکەم لە جوجکەی خڕپن.. ل٢٢**

پڵنگەکان/ لەوچوو/ ئاشکرا کراوە
ڕەسمی پڵنگەکان لێچوو/ ئاشکرا نەکراوە
جوجک/ لەوچوو/ ئاشکرا کراوە
ڕەسمی جوجک/ لێچوو/ ئاشکرا نەکراوە

لە هەردوو حاڵەتی (پڵنگەکان/ جوجک)دا لێچوو ئاشکرا کراوەو لەوچوو ئاشکرا نەکراوە.. کەواتە خواستنەکە ئاشکرایە.

**یان تەماشای ئەم ڕستەیە بکە:**
**ئیرەیی بە چاوی منداڵەکەم دەبەم**
**دەتوانێ هاوین بخاتە جانتاوەو**
**خۆی پێ هەڵکێشێ.. ل٣٩**

هاوین/ لەوچوو/ ئاشکرا کراوە
کەلوپەلو شتومەک/ لێچوو/ ئاشکرا نەکراوە

کەواتە لێرەشدا خواستنەکە ئاشکرایە، چونکە (لەوچوو) لە رستەکەدا هاتووەو (لێچوو) نەهاتووە. ئەگەر رستەکە لەسەر بنەمای لێکچوواندنی تەواو دروست بکرایە، ئەوا دەبوو نیوە ڕستەیەکی تریش لە کۆپلە شیعرەکەدا بخوێنینەوە، بەمجۆرە:

ئیرەیی بەچاوی منداڵەکەم دەبەم
دەتوانێ
(پاوانەکانی پێی بووکەڵەکەی)
یان: (بازنەکانی دەستی خۆی)
یاخود: (جلە هاوینە نوێیەکانی)
(وەکو- چەشنی- عەینەن- چون)
هاوین
بخاتە جانتاوەو خۆی پێ هەڵکێشێ..

بەڵام ئەوسا بواری (پەیبردن)و (لەزەتبردن)و (بەشداریکردن) لە تەواوکردنی مانای شیعرەکەدا، بۆ خوێنەر نەدەمایەوە.. بێگومان لەزەتی پەیبردنو بەشداریکردن لە تەواوکردنی مانای دەقدا تەنها خوێنەری ڕاستەقینە دەزانێ چەند خۆشو گرنگە! بگرە یەکێکە لە گرنگترین بیانووەکانی مانەوەی هەر خوێنەرێک بە دیار هەر تێکستێکو هەر کتێبێکەوە، نەدانی ئەم بیانووە بە خوێنەر لەلایەن نووسەرو شاعیرەوە وەکو هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی خوێنەر وایە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا.. هەمووشمان دەزانین کەم نین ئەو کتێبە چەند سەد لاپەڕەییە قەبانەی بەناوی شیعرەوە چاپکراونو ئەم سیاسەتە (هونەری- مەعریفی)یە گرنگەیان ڕەچاو نەکردووە، سەرەنجام هەر پاش یەکەم چاوپیاخشاندن، بەبێ ئاوڕلێدانەوەو بیرکەوتنەوە، لە شوێنێکی «مەتروک»ی ماڵ یان کتێبخانەدا فڕێدراون!

## *جوانیی بایس:

واتە: وەلاوەنانی هۆکاری ڕاستەقینەی ڕووداوێک یان دیاردەیەکو دیتنەوەی هۆکاری هونەریی ناڕاستەقینە بۆی (لە پێناوی دروستکردنی شیعرییەتدا).

نموونە:

**پێم ناخۆشە...**
**بچیتە سەر ئەزمڕو چای خەڵوز بخۆیتەوە**
**لەو بەرزاییە**
**خوا جوانیت ببینێ، بۆ خۆیت دەباتەوە.. ل٢٧**

بێگومان هیچ کەسێک (لەبەر جوانی) خوا نەیبردووەتەوە! هەروەها لەبەر ئەوەش

# هەندێ هایکۆ لە ڕواڵەتدا وەکو وێنەیەکی پەتی (شێوەکاری، یان فۆتۆگرافی) دەکەونە بەرچاو

نەیبردووەتەوە کە چووەتە بەرزاییو چای خواردووەتەوە!..

**بە دوو سایدەکەی بەکرەجۆدا وەرە خوارێ،**
**با سایلۆ پڕبێ لە گەنم... ل٢٩**

بێگومان هاتوچۆی ئەو بە دوو سایدەکەی بەکرەجۆدا، هیچ لە دۆخی سایلۆ ناگۆڕێ.

**بەردێکی بچوك بخەرە درزی مەمکەکانت**
**با ئارەقە بکاو وشکەساڵی نەمێنێ.. ل٣٢**

کە دیارە وشکەساڵی بە تەڕکردنەوەی یەک دانە بەرد (جا بە ئارەقەی درزی مەمک بێت یان هەرچی شتێکی تر!) هەرگیز کۆتایی نایەت.

**درەختێکی باخچەکەتان**
**سەوزیی وردە دەمارە سەوزەکانی رووومەتی نەبردووی؟.. ل٣٥**

ئەم زوومکردنە لەسەر ڕوومەتی کچێک، چەند وێنەکەی هێنابێتە پێشەوە، بەقەدەر ئێستا جوان نەدەبوو ئەگەر ئەو گومانەی بە تەنیشتەوە نەبووایە، کە شاعیر خەریکە دەیداتە پاڵ درەخت! بێگومان هەمووماں دەزانین درەخت ڕێگەی تایبەتیی خۆی هەیە بۆ سەوزبوونو دزی لە ڕوومەتی کەس ناکات.

**زانین ددانەکانی کلۆر نەکردووە... ل٤٨**

وەکو ئەوەی زانین ددان کلۆر بکات، کە ئەمە لە راستیدا وا نییە، بەڵکو تەنها لە شیعردا وایە!

بەهەرحاڵ ئەم چوار تێکستەی بەردەستم پڕن لەو نموونانەی سەرەوە، کە زۆربەیان بە تەواوی نوێنو تایبەتن بە دنیای تەڵعەتو لە خەیاڵدانی خۆیەوە هەڵڕژاون، بەڵام تیاشیاندایە کۆن دێنە بەرچاو، یان هەست دەکرێ ئەو جۆرە رستەسازیو بەراوردکاریو بەیەکتر چوواندنە باوی نەماوەو پێشتر تاقیکراوەتەوە.

نموونە:

**با ئەستێرە نەیەتە ژوورەوە نوری نێوچەوانت بدزێ... ل٣٤**

ئەستێرە (یان: مانگ)+نوری نێوچەوان، لە شیعری کوردیی چەندین دەیە لەمەوبەریشدا بینراوە!

*** موفارەقە:**

مەبەستم لە موفارەقە بریتییە لە: دروستکردنی هاوکێشەی شیعری لە دوو رستەی نارێکو ناتەبا، یان: دروستکردنی هاوکێشەی شیعری لە یەک ڕستەی درێژی پێکهاتوو لە دوو سەری نارێکو ناتەبا.. ئەمەش ڕێگەیەکی ئاسان نییە.

تەڵعەت سەرکەوتووانە توانیویەتی کەڵک لەم شێوازە وەربگرێ، بەڵام لە یەک - دوو شوێندا نەیتوانیوە بە ئەندازەی ئەوانی تر سەرکەوتوو بێت.. بۆ نموونە تەماشای ئەم رستەیە بکە:

**سابونەکە حەز دەکات بە دەستت بیشۆیتو پاك بێتەوە.. ل٣٦**

سابونو دەست شوشتنو پاکبوونەوە (هەرچەندە هاوکێشەیەکی پێچەوانەشی لێ دروست کراوە) بەڵام بەقەدەر ئەم ڕستانەی دیکە کە لە خوارەوە بە نموونە دەیانهێنمەوە ڕەونەقدار نییە!

**بۆ سەوداکردنی پارچە قوماشێك**
**شینو مۆر بوونەتەوە.. ل٤١**

تەماشاکە بزانە دروستکردنی (هاوکێشەی شیعری) بەو جۆرە (لە دوو سەری نارێکو ناتەبا، لە پەیوەندییەکی چاوەڕواننەکراودا!) چ جوانییەک دەخاتەوە.

**بەو زلییەوە**
**کڕینی پەتاتەیان بە جیدی وەرگرتووە.. ل٤١**

جدیبوون لە کڕینی پەتاتەدا، بەو زلییەوە، چەند

ڕوانگە، یان جیهانبینی، لەخۆوە پێک نایەت، بەڵکو لە ئەنجامی هەڵکشانی بەردەوامی ئاستی ڕۆشنبیریو باری دەروونیو گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ژیانی تاکەکەسدا دێتە ئارا.. بۆ دروستکردنو گەشەپێدانو خستنەڕووی جیهانبینیش هەر کەسەو ڕێگەی خۆی هەیە.. ڕێگەی شاعیر شیعرە.

# وتار

موفارەقەیەکی جوانی لێ کەوتووەتەوە.
**چالێ ناوکت وەك خۆی ماوە؟ پڕ نەبووە لە هەنگ؟.. ل٣٥**
تەماشاکە بزانە چۆن چالێ ناوک خەریکە دەبێتە گوڵو هەنگ تێی دەدا!
**کوللە پەپولەیەکی سادەیە.. ل٤٢**
کوللە کە تا ئێستا خۆرەی دەغڵودان بوو و قاتوقڕیی بەدوای خۆیدا دەهێنا، پەپولەیەکی سادەیە!
**پێی ناڵێم ناتوانیت بە پاسکیلی سێ تایە بچیتە سەر مانگ... ل٤٧**
چوونە سەر مانگ بە پاسکیلی سێ تایە!
**پێی ناڵێم لە هاویندا**
**زەوی بە شروبی تا فێنك نابێتەوە.. ل٤٧**
فێنکبوونەوەی زەوی لە قرچەی هاویندا بە شروبی تا!
ئەمە هەڵوەستەکردنێکی کورت بوو لەسەر هونەری شیعروتن لای تەڵعەت، کە بە گشتی بەڵگەیە لەسەر خەیاڵڕەنگینیی ئەو، لەپاڵ تێوەئالانی هەندێ وێنەو شێوازی کۆن لەو خەیاڵە ڕەنگینە.

***دووەم/ ڕوانگە:**
ڕوانگە، یان جیهانبینی، لەخۆوە پێک نایەت، بەڵکو لە ئەنجامی هەڵکشانی بەردەوامی ئاستی ڕۆشنبیریو باری دەروونیو گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ژیانی تاکەکەسدا دێتە ئارا.. بۆ دروستکردنو گەشەپێدانو خستنەڕووی جیهانبینیش هەر کەسەو ڕێگەی خۆی هەیە.. ڕێگەی شاعیر شیعرە.
شاعیر لە ڕێی قوڵکردنەوەی چەمک و بەهای تایبەت بەخۆیەوە، ڕوانگەی خۆی لەناو شیعردا جێ دەکاتەوە.. تەنانەت لەو شیعرانەشدا کە ڕێک دەڵێی (وێنەی پەتی)ن (وەکو هەندێ هایکۆ) جیهانبینی ئامادەیی هەیە.
هەندێ هایکۆ لە ڕواڵەتدا وەکو وێنەیەکی پەتی (شێوەکاری، یان فۆتۆگرافی) دەکەونە بەرچاو، کە دەڵێی تەنها خراونەتە ڕوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ (چاو) نەک بۆ خستنەوەی ئەندێشەو ڕوانگە! بەڵام هەر ئەوە کە هایکۆیەک دەتوانێ شتێک لە شوێنێکی تۆدا دەستکاری بکاو بیخاتە جوڵە یان بیخاتە ئێش، مانای وایە لە پشتییەوە هێزێک هەیە توانیویەتی ئەم کارە بکات.. ئەو هێزە هێزی ڕوانینو جیهانبینییە! تۆ بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدەیت کە ئەو وێنەیە دەربڕی (یان: خودی) جیهانبینیو ڕوانگەی خاوەنەکەیەتی، دەکەویتە دوای، تیایدا نقوم دەبی، دەیکەیت بە مانا، گۆشەیەکی بۆ دەسازێنیو لێیەوە پیشانی خۆتی دەدەیتەوە، وەکو ئەوەی تۆ بیت گۆشەو ڕوانگەو جیهانبینی بخەیتە سەر وێنەکەو خۆی تەنها وێنەیەکی پەتی بێت!بەڵام نەخێر، وێنەکە خۆی خودی ڕوانینو ئەندێشەو جیهانبینییە، تۆ تەنها گۆشەیەکی ئەو ئەندێشەو جیهانبینیو ڕوانینەت لێوە دەرکەوتووە!... ئەمە پیشەی هەموو خوێنەرێکە.
لە ڕاستیدا جیاوازیی شێوازی خۆ بەرجەستەکردنو خۆ دەربڕین لەنێوان کەسێکو کەسێکی تردا، جا بە شیعر بێت یان بە چیرۆکو فلچەو هەر شتێکی تر، جەوهەری مەسەلەکەیە نەک ڕواڵەتەکەی.. واتە خودی جیاوازییەکە، بریتییە لە جیاوازیی ڕوانگەو جیهانبینیی نێوان دوو کەسەکە.
بۆ نزیکبوونەوە لە ڕوانگەو دنیابینیی تەڵعەت، پێویستە بەسەر هەندێک چەمکدا بپەڕینەوە، کە ئەو تێکستەکانی خۆیی پێ بارگاوی کردوون، لەوانە:
خود، شیعر، شاعیرییەت، مانا، جوانی، ڕوونی،

# تەڵعەت پێی وایە ئەو کەسە شاعیرە کە هەڵوەدای پەیداکردنی رۆشناییە

ئاڵۆزی، زمان، واقع، منداڵیو شوێنو..هتد

***رۆژێ لە رۆژان دەبمە خۆم:**

ئەوەی سەرەوە ناونیشانی یەکێکە لەو چوار قەسیدەیەیە کە پێشتر ئاماژەم پێدان.

لەم قەسیدەیەدا (من/ راناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاک) چەقو ڕاگری دەقە، لەبەرئەوە بۆ ساغکردنەوەی روانگەی شاعیر بە پلەی یەکەم پشتی پێ دەبەستم.

ئەم قەسیدەیە چەندین چەمک دەگرێتە خۆ، لەوانە:

***خود:**

لای تەڵعەت ئەو کەسە کەسەو گەیشتووەتە ئەوەی بەخۆی بڵێ کەس کە شاعیرە.. واتە ئەو لە ڕێی شاعیرێتییەوە (خود)ی خۆی وەکو «تاکەکەس»ێکی هەڵکشاو بەرجەستە دەکات، بگرە دەبێتە پاشا!

ڕۆژێ دادێ دەبم بەو کەسەی دەمەوێ.. ل١٣
رۆژێ دادێ لەناو ئێمەدا خۆم دەردێنم.. ل١٤
رۆژێ لەڕۆژان دەبمە شاعیر.. ل١٥
رۆژێ دادێ
تەیرێك لە سەر شانم دەنیشێتەوەو دەبمە پاشا.. ل٢٢
رۆژێ لەرۆژان خۆم بەگرینگ دەزانم.. ل٢٣
رۆژێ لەرۆژان نابمە کەس، دەبمە خۆم.. ل٢٥

***شاعیر:**

تەڵعەت پێی وایە ئەو کەسە شاعیرە کە هەڵوەدای پەیداکردنی رۆشناییە.. کە کوشتەی جوانیو ئاشتیو سروشتە:

لیرەیەکی زۆر کۆ دەکەمەوە
رۆشنایی پێ دەکڕم.. ل١٦
لەو ئاگرانە سڵ ناکەمەوە کە باز دەدەنە
سەر جوانی.. ل١٣
مامز دەکەمە مامانی شاعیر
دنیا جوان دەکەم.. ل٢٢
رەنگی ئاسمانیو خاکی ئاشت دەکەمەوە
کە لەوەتەی هەن گاڵتە بەیەکتردەکەن.. ل٢٠
لەگەڵ سروشت ئاشت دەبمەوە
دەبمە وەرگێڕی نێوان گوڵو پەپوولە
کە بەدوو زمانی جیاواز یەکتر تالآن دەکەن.. ل١٥

***مانا:**

مانا یەکسانە بەخود.. واتە شتێک نییە لە دەرەوەی زاتی مرۆڤ ناوی مانا بێت:

درێژە بە گەشتی یەکەمم دەدەم بەرەو مانا
رێگەیەك دەدۆزمەوە بۆ دۆزینەوەی خۆم.. ل١٣

*** روونیو ئاڵۆزی:**

ڕوونی شاعیرێتییەو.. شاعیرێتی روونییە.. ئاڵۆزییش تەنها بەرپەیەکی تەنکو سادەیە لەژێر شاعیردا:

بە روونی لە ئاڵۆزیدا دادەنیشم
خەیاڵم کۆ دەکەمەوە.. ل١٤
بە ئاو دەڵێم ئاو، مانای دیکەی پێ نابەخشم
غەدری دووەمی لێ ناکەم.. ل١٥
ئەم دنیا ئاڵۆزە
پێویستی بە پەیداکردنی جوانییەکی ڕوون هەیە.. ل٢١

***شیعر:**

ئەو وشەیەیە کە ئاوێتەی جوانیو سادەییو منداڵئاوەزییە، یان هەر خۆی بەتەنیا هەموو ئەوانەیە بەسەر یەکەوە:

دەنوسم: بزنە کێویو دەیخەمە ناو دوو کەوانە
لەشێوەی باپیرانم بەدەوریدا هەڵدەپەڕم.. ل٢٣

لە راستیدا جیاوازیی شێوازی خۆ بەرجەستەکردنو خۆ دەربڕین لەنێوان کەسێکو کەسێکی تردا، جا بە شیعر بێت یان بە چیرۆکو فڵچەو هەر شتێکی تر، جەوهەری مەسەلەکەیە نەک ڕواڵەتەکەی.. واتە خودی جیاوازییەکە، بریتییە لە جیاوازیی روانگەو جیهانبینیی نێوان دوو کەسەکە

## وتار

***زمان:**

زمان لە شیعردا (بگرە لە قسەی ڕۆژانەشدا) هەمووی (حەقیقەت) نییە، بەڵکو بەشی زۆری مەجازە! لای تەڵعەتیش هەروایە، وەکو لە نموونەکانی پێشوودا بەرچاوت کەوت.

(بەڵام) هەست بە بوونی جۆرێک لە دژیەکیو ناتەبایی دەکەم دەربارەی مەسەلەی (حەقیقەت-مەجاز) لە گوتاری ڕاگەیەندراوی ئەودا (ئەگەر بشێت شیعر وەکو گوتار سەیر بکەین!).

بۆ نموونە لەلایەکەوە دەڵێ:-

**ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبمە شاعیر**

**زمانم دەکەمە مەجازی مەجاز.. ل١٥**

بەڵام لە جێگەیەکی تری هەر هەمان دەقدا، دەڵێ:

**ڕێزی توخمەکان دەگرم**

**بەئاو دەڵێم ئاو (مانا!)ی دیکەی پێ نابەخشم**

**غەدری دووەمی لێ ناکەم.. ل١٥**

هەر پاش ئەوە لە دێڕێکی تری هەمان دەقدا، دەڵێ:-

**بڕیار دەردەکەم بەقژی منداڵ بڵێن: گوڵەگەنم!.. ل٢٢**

ئەگەر دوودڵی لەبارەی هەر شتێکەوە، دابەش بکرێت بەسەر دوو تێکستو دوو باری دەروونیو دوو کاتی جیاوازدا، یان هەر لەیەک تێکستیشدا جێ بکرێتەوە بەڵام ڕێگەچارەی هونەریانەی بۆ بدۆزرێتەوە ئاساییە!. تەڵعەت خۆی بەشێک لەم دوودڵییەی لەبارەی زمانەوە فرێ داوەتە دەقێکی تریشیەوە، بەڵام لەودا ئاسایی کەوتۆتەوە، چونکە بەدێڕێکی تر (نەسخ)ی نەکردۆتەوە:-

**من لە پەنجەرەی زیندانی زمانەوە**

**لە باخچەی موعجیزەکانت دەڕوانم.. ل٢٦**

بەهەرحاڵ من پێم وایە دوو ڕستەی:

**-بە ئاو دەڵێم ئاو**

**(مانای دیکەی پێ نابەخشم)**

_ بڕیار دەردەکەم بە قژی منداڵ بڵێن: گوڵەگەنم هەردووکیان ئاماژەن بۆ (ناولێنان) لە شتەکان، نەک بۆ (مانابەخشین) بە شتەکان.. ئەگەر بە وردی تەماشای نیوە ڕستەی (مانای دیکەی پێ نابەخشم) بکەی بەدەم ڕستەی یەکەمەوە، هەست دەکەیت ناتوانێ جیاوازی لە (مانای قوڵ)ی دوو ڕستەکەدا بخاتەوەو ببێتە پاساو بۆ حاڵەتەکە (بەو پێیەی جیاوازیی مانا، پاساوی هاوشێوەی دەربڕین دەداتەوە).. مەگەر بێینە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەوە خۆی واتەنی (مەجازی مەجازە)!

***شوێن:**

پەیوەندیی (شوێن) بە شاعیرێتییەوە، پەیوەندییەکی کۆنە.. شاعیر هەبووە بە تەواوی (شوێنزەدە) بووە، لە زێدو نیشتمانی خۆیدا نەبووبێت شیعرێکی باشی پێ نەگوتراوە!

هەشبووە ڕێگەی دووری تەیکردووەو لە ڕۆژئاواوە خۆی گەیاندووەتە ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی زەمینەی ڕۆحیو دەروونی بۆ خۆی بڕەخسێنێ تا شیعرێکی قووڵی بۆ بێت.

بەلای تەڵعەتەوە ئالوودەبوون بە شوێن، نەخۆشییەو خۆقوتارکردن لەو قورساییەی کە شوێن دەیخاتە سەر ڕۆحو دەروون، خۆقوتارکردنە لەو هۆکارانەی کە (توندڕەوی) بەرامبەر بەو (شوێنان)ی ترو خەڵکی شوێنانی تر دەجوڵێنن:

**ڕۆژێ لە ڕۆژان**

**بەتاڵ دەبمەوە لە توندڕەویم بۆ شوێن.. ل٢١**

تەنانەت ئەگەر بە وردی تەماشای دەقەکانی بکەین، دەبینین (زاکیرە)ی شوێن، زاکیرەی سلێمانییە، نەک زاکیرەی ئەو شوێنەی کە تیایدا لەدایکبووەو

تیایدا گەورەبووە:
**لە بەکرەجۆ بەقوربانی ژنێك دەبم.. ل١٩**
**هەوڵ دەدەم**
**باوەڕ بە مەحوی بێنم**
**کە پێویستە قومێ عەقڵ لە دەفری مارکس**
**بخواتەوە.. ل١٨**
**بە عەنبەر خاتوون دەڵێم**
**بۆدلێر مەولەوییەکی ترە.. ل١٨**
تەماشای وشەگەلی (بەکرەجۆ، مەحوی، مەولەوی، عەنبەرخاتوون) بکە، هەموویان سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی بەبیردێننەوە.

***لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی:**
ئەوەی سەرەوە ناونیشانی دەقێکی تری شاعیرە کە سەرتاپا ستایشی جوانییە.. جوانیش بریتییە لە نازو عیشوەو مێینەیەتییەکی فوول ئیرۆسی، لەپاڵ بەرائەتو مەزنیدا!
جوان لای تەڵعەت جادووگەرێکە توانای هەیە تەحەکوم بە هەموو ژیانەوە بکات... توانای هەیە بە یەک دەرکەوتن هەر هەموو دنیا لە نەهامەتیو شەڕو کوشتارو برسێتی ڕاماڵێ:
بچۆرە لای سینەماکان
**با سواڵکەرو عەرەبە نوستووەکانی سەر کارتۆن و بەتانیی عەسکەری**
**ئەلفی سەرەتای ناوت چەشنی چۆرەك بکرۆژن**
**و قومێك رووناکی بخۆنەوەو متمانەیان بە دنیا بێتەوە.. ل٣٠**
**نەخۆشەکان ماچکە چاك دەبنەوە.. ل٣١**
**دەرگای قەفەسی مریشکەکان بکەوە، با بتبینن و**
**دوا نیازی بەر لە سەربڕینیان بێتەدی.. ل٣٢**

**سەرخەو مەشکێنە**
**تۆ بەخەبەر نەبیت، زیندوێتی مانای نامێنی**
**منداڵەکان بەخەبەر نایەن بچنە قوتابخانە.. ل٣٣**

***چۆلەکەیەک بەسەر شانی داهۆڵەوە:**
ئەوەی سەرەوەش ناونیشانی دەقێکی ترە.. ئەمیش سەرلەبەر ستایشی منداڵییە.. منداڵییش لای ئەو واتە: (ڕوانین بە چاوی پێش مێژوو) و (مانەوە لەناو ئەفسانەئاوەزیو خەیاڵپڵاوی و گەورەنەبووندا)... واتە: بڕوابوون بەوەی کە مرۆڤ دەتوانێ بە پاسکیلی سێ تایە بچێتە سەر مانگو زەوییش لە قرچەی گەرمای هاویندا بە کەوچکێک شروبی تا فێنک دەبێتەوە، بەپێچەوانەی گەورەبوونەوە کە تیایدا مرۆڤی داماو دەبێ بۆ بینینی کەروێشکێک بلیت ببڕێو بۆ خواردنی ماسی لە چێشتخانەیەکی بازاڕ (لەبەر دڵی دەوروبەر) خۆی بڕازێنێتەوە!

***ئەگەر لەوێیت، دێم.**
ئەو ڕستە سادەیەی سەرەوەش ناونیشانی قەسیدەیەکی تری تەڵعەتە.
ئەم قەسیدەیە لە هەردوو سەرەکەیەوە: (سەری سەرەتاو سەری کۆتایی) بەستراوەتەوە بە دوو چەمکی (واقع و تەنیایی)یەوە..
واقع هەوایەکی پیسە، دەبێ لە ڕێی هەڵبژاردنی تەنیاییەوە ڕێ لە چوونە ژوورەوەی بگیرێت، چونکە ئەگەر ڕێگەی هەبوو بچێتە ژوورەوەو دەستی خۆی بگەیەنێتە تەنیایی، ئەوا هەر لەڕێوە پەلاماری خەونەکانی مرۆڤی تەنیا دەداو دەیاندزێو دەیانباتە دەرەوە بۆ لای خۆی، سەرەنجام ئەوانیش دەکاتە کۆپییەکی تەڵخو شێواوی خۆی:
**لەوێیت؟**

بەلای تەڵعەتەوە ئالوودەبوون بە شوێن، نەخۆشییەو خۆقوتارکردن لەو قورساییەی کە شوێن دەیخاتە سەر رۆحو دەروون، خۆقوتارکردنە لەو هۆکارانەی کە (توندڕەوی) بەرامبەر بەو (شوێنان)ی ترو خەڵکی شوێنانی تر دەجولێنن

**هێشتا لە بێدەنگیدا نیشتەجێیت؟**
**دەرگات لە خۆت داخستووە..**
**نەك بۆ ئەوەی واقع نەیەتە ژوورەوە**
**بەڵکو بۆ بەستنەوەی خۆشیو**
**بەرەڵلا نەبوونی خەون.. ل٥٠**
**ئەگەر لەوێیت دێمو**
**بە یەکسانی تەنیایی دابەش دەکەین**
**.......**
**......**
**دوور لە دنیا، بە دزیی واقع(ەوە)**
**گڵۆپەکان دەکوژێنینەوە... ل٥٦**

**٭ئەنجام:**

ئەگەر جارێکی تر بەسەر تێکستەکانی ناو کتێبی (لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی)دا بچینەوە کە بەسەر یەکەوە شوناسی ئەدەبی و عالەم و جیهانبینیی (تەڵعەت تاهیر) بەرجەستە دەکەن، بۆمان دەردەکەوێت کە بە پلەی یەکەم (شێواز/ ستایل)ی خۆ بەرجەستەکردنو خۆ دەربڕینەکەی بۆ دەمێنێتەوە، جیای بکاتەوە لە هەر شاعیرێکی تر، چونکە وەکو خۆی دەڵێ:

**زمان کۆنەو هەموو شتێکیش گوتراوە.. ل٥١**

ئەمە نەک هەر بۆ ئەو وایە، بەڵکو بۆ هەموو شاعیرێک هەر وایە، زۆربەی شاعیران هەر بە وشەو چەمکگەلی وەکو (خود، جوانی، شیعر، منداڵی، بەرائەت، پاکژی، و هتد) خۆیان لە دەقدا بەرجەستە کردووەو ڕوانگەی خۆیان دروست کردووە، تەنها ڕێگە بۆ خۆ جیاوازگرتن (وەکو ئەزموونێکی سەربەخۆ) لای هەموویان بریتی بووە لە جیاکردنەوەی (شێوازو ستایلی دەق).

**سەرچاوە:**

لەبەر ئاوازێک نایەوێ ببێتە گۆرانی، شیعر، تەڵعەت تاهیر، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس.

